

# کوڕە چەوەندەر فرۆشەکە


سەمەد بێهرەنگی

له فارسییەوە: ڤارین




چەند ساڵێك لەمەوبەر لە لادێیەك مامۆستا بووم، قوتابخانەكەمان تەنیا یەك هۆدە بوو، دەرگایەك و پەنجەرەیەكی بەرووی دەرەوەدا هەبوو. لە لادێكەوە هەر سەد مەتر دوور بوو. سی و دوو قوتابیم هەبوو، پانزەیان لە پۆلی یەكەم بوون، هەشتیان لە پۆلی دووەم و شەشیان لەپۆلی سێیەم و سێ قوتابیشیان لەپۆلی چوارەم. لە كۆتایی وەرزی پاییز منیان ناردبووە ئەوێ. قوتابیەكان دوو سێ مانگ بێ مامۆستا بوون، هەر بۆیە بەبینینی من زۆر شادمان بوون و كەوتنە دەنگە دەنگ، تاوەكو چوار پێنج رۆژ خوێندن بەڕێكی نەبوو. لە كۆتاییدا توانیم قوتابیەكان لە دەشت و كارگەكانی مافور، لێرەو لەوێ بگەڕێنمەوە بۆ قوتابخانە. زۆربەی منداڵەكان كاریان دەست نەدەكەوت، دەچوون بۆ كارگەی (حاجی قولی) فەڕشچن. زیرەكترینیان رۆژانە دە، پانزە قڕانێك پارەی هەبوو. ئەم (حاجی قولی)یە لە شارەوە هاتبووە ئەوێ، قازانجی لەو كارەدا بوو. كرێكارانی شار پارەی پێشوەختەیان دەویست و لە چوار تومەن كەمتریان وەنەدەگرت، بەڵام زۆرترین كرێ لە لادێدا بیست و پێنج تا سی و پێنج قڕان بوو.

دە رۆژێك دەبوو هاتبوومە ئەو دێیە، بەفرباری و ئەرز بووە شەختە. درزەكانی دەرگاو پەنجەرەمان بە كاغەز گرت، بۆئەوەی سەرما نەیەتە ژوورێ. رۆژێك رێنوسم بە پۆلی چوارەم و سێیەم دەكرد، پۆلی یەك و دوو لە دەرەوە بوون، هەتاو بوو، بەفرەكە نەرم و شل بوو. لە پەنجەرەكەوە دەمدی كە منداڵەكان دەوری سەگێكی بەرەڵلایان داوەو تۆپەڵە بەفریان بەسەر و گوێلاكیدا دەدا. هاوینان بە بەرد و كەرسەك دوای سەگان دەكەوتن، زستانانیش بە تۆپەڵە بەفر.

دوای ماوەیەك دەنگێكی ناسك لە پشت دەرگاوە بەرزبۆوە: یاڵلا چەوەندەر، منداڵینە چەوەندەری گەرم و شیرینم هێناوە. لە نوێنەری پۆلەكەم پرسی: كازم ئەوە كێیە؟

كازم وتی: كەس نییە مامۆستا... (تاری وردی)یە مامۆستا، زستانان چەوەندەر ئەفرۆشێ. حەزئەكەی پێیبڵێم بێتە ژوورێ؟ من دەرگاكەم كردەوە تاری وردی- بە قابلەمەیەك چەوەندەرەوە خۆی كرد بە پۆلدا.





ملپێچێکی نەختێ کۆنی لە سەروچاوی ئاڵاندبوو، تاکێك لە پێڵاوەکانی کڵاش بوو و تاکەکەی تری هەروەکو پێڵاوی ئاسایی پیاوان بوو. چاکەتە پیاوانەکەی دەگەیشتنە سەر ئەژنۆکانی، دەستەکانیشی لەناو قۆڵی چاکەتەکەی دەشاردرانەوە. سەر لوتی لە سەرمادا سور هەڵگەڕابوو. دە، دوانزە ساڵان دەبوو. سڵاوی کرد، قابلەمەکەی لەسەر ئەرز دانا. وتی: رێگام دەدەی ئاغا دەستەکانم گەرم بکەمەوە؟ منداڵەکان بردیانە لای سۆباکە. منیش فەرموی کورسییەکەی خۆمم کردو دانیشت. وتی: نا، مامۆستا هەروا لەسەر زەویش ئەتوانم دابنیشم.

مناڵەکانی تریش بەدەنگی تاری وردی لەوێ هاتبونە پۆلەوە. پۆلەکە زۆر قەرەباڵغ ببوو. هەموویانم لەسەر جێگاکانی خۆیان دانیشاند. دوای ئەوەی تاری وردی تۆزێك گەرم ببوەوە، وتی: مامۆستا حەزت لە چەوەندەر نییە؟ بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بێت، چووە سەر چەوەندەرەکانی و دەسڕە چڵکن و بۆرەکەی سەر قابلەمەکەی لادا، هەڵمێکی خۆش لە چەوەندەرەکان بەرزبۆوە. چەقۆیەکی دەسك شاخی کە لەسەر چەوەندەرەکان داندرابوو، تاری وردی چەوەندەرێکی هەڵبژارد و دایە دەستی من و وتی: مامۆستا خۆت توێکڵەکەی لێ وەکەی باشترە. رەنگە دەستەکانی من... ئیتر ئێمە لادێیین و... شارمان نەدیووە. ئەملاو ئەولا نازانین.

وەکو پیرەمێردێکی دونیا دیدە قسەیدەکرد. چەوەندەرەکەم لەنێو پەنجەکانمدا گوشی و توێکڵە چڵکنەکەی لێبووەوە سوراییەکی جوان و گەش دەرکەوت. گازێکم لێگرت، زۆر شیرین بوو.

نەورۆز لە دواوەی پۆلەکە وتی: مامۆستا، چەوەندەری هیچ کەس وەك چەوەندەرەکانی تاری وردی شیرین نییە. کازم وتی: مامۆستا، خوشکەکەی لێی دەنێ و ئەویش دەیفرۆشێت... دایکی نەخۆشە... مامۆستا.

من تەماشای روخساری تاری وردیم کرد. خەندەیەکی شیرین و پیاوانە بەسەر لێوەکانیەوە بوو. ملپێچەکەی لە گەردن و ملی کردبووەوە. قژە سەری گوێچکەکانی داپۆشیبوو. وتی: هەر کەسەو کاروکاسبیەکی هەیە، مامۆستا ئێمەش ئەم کارەمان هەیە.

وتم: تاری وردی دایکت چییەتی ؟

وتی: قاچەکانی ناجوڵێن. کوێخا دەڵێ ئیفلیج بووە، من بەباشی نازانم چی لێهاتووە مامۆستا.

وتم: باوکت... قسەکەی پێبڕیم و وتی: مردووە.

یەکێك لە قوتابیەکان وتی: مامۆستا... پێیاندەوت (عەسکەر قاچاغچی)..

تاری وردی وتی: ئەسپسواری باش دەزانی، دوایش رۆژێك لەسەر کێوەکان گوللەیەکی لێدراو مرد. جەندرمەکان لێیاندا، لەسەر ئەسپەکەوە لێیاندا. تاوێك باسی ئێرەو ئەوێمان کرد. دوو سێ قران چەوەندەری بە منداڵەکان فرۆشت و رۆیشت... پارەی لە من وەرنەگرت... وتی: ئەمجارە میوانی منی، جارێکی تر پارە بدە، وامەزانە ئێمە لادێین، کەمێك وێڵ و ئوسوڵمان هەیە.. مامۆستا. تاری وردی لەنێو بەفردا بەرەو ئاوایی دەڕۆیشت و گوێمان لە دەنگی دەبوو کە دەیوت... وەرە بۆ چەوەندەر... چەوەندەری گەرم و شیرینم هێناوە... خەڵکینە..



دوو سەگ بەدەوریدا دەهاتن و دەچوون و کلکە سوتەیان دەکرد.

منداڵەکان زۆر شتیان لەمەڕ تاری وردی پێوتم. خوشکەکەی ناوی (سوڵماز) بوو.. دوو سێ ساڵێك لەخۆی گەورەتر بوو.. تا باوکیان لەژیاندا بوو، ژیان و حاڵێکی خۆشیان هەبوو... دوایش کە باوکیان مرد کەوتنە نەهامەتی... یەکەمجار خوشکەکەی و دوایی براکەی چوونە لای (حاجی قولی) فەرشچن، دوایش لەگەڵ (حاجی قولی) شەڕیان بوو، وازیان هێنا.

رەزا قولی وتی: مامۆستا، حاجی قولی بێشەرەفە و ئازاری خوشکەکەی دەدا و بە چاوێکی خراپەوە لێی دەڕوانی. ئەبو فەزل وتی: ئا، مامۆستا، تاری وردی دەیەویست حاجی قولی بە کەڵکیت* بکوژێت.. ئا..

**********************************

تاری وردی هەموو رۆژێ یەك دوو جار سەرێکی لە پۆل دەدا، هەندێك جاریش لە دوای تەواوکردنی چەوەندەرەکانی دەهات و لە پۆلەکە دادەنیشت و گوێی لە وانەکە دەگرت. رۆژێك لێم پرسی: تاری وردی بیستومە لەگەڵ حاجی قولی شەڕت بووە...

دەتوانم پێمبڵێی چۆن بوو؟ تاری وردی وتی: قسەی بەسەرچووە... مامۆستا نامەوێ سەرتان بێشێنم.

وتم: نا زۆریش پێم خۆشە کە لە زمانی خۆتەوە لە سیر تا پیاز، باسی شەڕەکەتان بزانم. ئەوجا تاری وردی دەستی بە قسەکرد و وتی: زۆر داوای لێبوردن دەکەم، مامۆستا، من و خوشکەکەم لە منداڵیەوە لەلای حاجی قولی ئیشمان دەکرد... واتە خوشکم پێش من چووبووە ئەوێ، من لەبن دەستی ئەودا کارم دەکرد. ئەو دوو تمەنی وەردەگرت، منیش شتێك لەو کەمتر.

دوو سێ ساڵ لەمەوپێش بوو. دایکم دیسان نەخۆش کەوت. کاری نەدەکرد، بەڵام لە جێشدا نەکەوتبوو، لە نێو کارگەکە سی چل منداڵی تری لێبوو کاریاندەکرد... ئێستاش لەوێن... پێنج شەش وەستامان هەبوو. من و خوشکم بەیانی زوو دەڕۆیشتین و نیوەڕۆ دەهاتینەوە، دواى

**تاری وردی هەموو رۆژێ یەك دوو جار سەرێکی لە پۆل دەدا، هەندێك جاریش لە دوای تەواوکردنی چەوەندەرەکانی دەهات و لە پۆلەکە دادەنیشت و گوێی لە وانەکە دەگرت. رۆژێك لێم پرسی: تاری وردی بیستومە لەگەڵ حاجی قولی شەڕت بووە...**

**دەتوانم پێمبڵێی چۆن بوو؟ تاری وردی وتی: قسەی بەسەرچووە... مامۆستا نامەوێ سەرتان بێشێنم.**






نیوەڕۆ دەڕۆیشتنەوەو ئێوارە دەگەڕاینەوە ماڵ، خوشکەکەم لەنێو کارگە عەبای بەسەریدادەدا، بەڵام رووی لە کەس وەرنەدەگێرا... وەستاکان کە لە جێی باوکمان بوون و ئەوانی تریش منداڵ بوون حاجی قولیش خاوەن کار بوو.

مامۆستا لەو دواییانەدا حاجی قولی بێشەرەف دەهات لەسەرسەری هەردووکمان ڕادەوەستاو هەر سەیری خوشکەکەمی دەکرد و جار جارەش دەستی بەسەری ئەو یان بەسەری مندا دەهێناو هەرلەخۆوە پێدەکەنی و تێدەپەڕی.

من زۆری پێ نیگەران نەدەبووم، چونکە دەموت هەرچییەك بێت، خاوەن کارمانەو سۆز و خۆشەویستی خۆیمان بۆدەردەبڕێ. ماوەیەکی پێچوو... رۆژێکی پێنج شەممە کە پارەی هەفتانەمان وەردەگرت، تمەنێکی زیاد دا بە خوشکەکەم و وتی: دایکتان نەخۆشەو ئەوەی بۆ خەرجبکەن. دوایش بەدەم خوشکەکەمەوە پێکەنی، کە من زۆر پێناخۆش بوو. خوشکەکەم وەك ئەوەی بترسێ هیچی نەوت.

ئێمە هاتینەوە لای دایکمان، کاتێ زانی حاجی قولی پارەی زیادی داوە بە خوشکم، کەوتە بیرکردنەوەو وتی: لەمەودوا پارەی زیاد وەرناگرن... بەیانییەکەی سەیرمکرد وەستاکان و منداڵەکان هەر خەریکی چرپە چرپن، بە دزییەوە هەندێ قسەیان دەکرد، وەکو بڵێی نایانەوێ من و خوشکەکەم بزانین. مامۆستا پێنج شەممەکەی هەفتەی دواتر لە دوای هەمووان چووین پارە وەرگرین.... حاجی خۆی وتبووی کاتێ کە دەورم چۆڵ بوو بچینە لای. مامۆستا، حاجی پانزە هەزار قڕانی زیاد داینێ و وتی بەیانی دێمە ماڵتان و هەندێ قسەم لەگەڵ دایکتان هەیە. دوایی بەڕووی خوشکەکەمدا پێکەنی کە من زۆرم پێناخۆش بوو، خوشکم ڕەنگی تێکچوو و سەریداخست.

مامۆستا ببورە بۆ خۆت وتت هەمووی بگێڕەرەوە، پانزە هەزار قڕانەکەم بۆ لای حاجی فڕێدایەوەو وتم: ئێمە پێویستمان بە پارەی زیادە نییەو دایکم پێی ناخۆشە. حاجی دیسان پێکەنی وتی: کەر مەبە گیانەکەم...ئەمە بۆ تۆ و دایکت نییە پێتان خۆش بێت یان ناخۆش...

ئینجا پانزە هەزارەکەی هەڵگرت و ویستی بیکاتە نێو دەستی خوشکەکەم، خوشکەکەم کشایە دواوەو رایکردە دەرەوە. لە بوغزو تووڕەیی خۆم گریانم دەهات، کەڵکیتەکە لەسەر مێزەکە بوو، هەڵمگرت و تێمگرت، ڕوومەتی حاجی بڕی و خوێن فیچقەی کرد.

حاجی هاواری لێ هەڵسا فریایبکەون. بەرەودەرەوە هەڵاتم ، ئیتر

نەمزانی چی لێهات. هاتمە ماڵەوەو خوشکەکەم لەلای دایکم بە ماتی دانیشتبوو، دەگریا.

مامۆستا، شەوێ، کوێخا هات... حاجی قولی سکاڵای لە من کردبوو... وتبوی دەمەوێ خزمایەتیان لەگەڵدا بکەم... ئەگینا کوڕەکەیانم دەدایە دەست ئاسایش و ئەژداو ئابایان پیشاندەدا. دوایی کوێخا وتی: حاجی منی ناردووە بۆ خوازبێنی، رازین یان نا؟ مامۆستا ژن و منداڵی حاجی قولی ئێستا لە شارن و لە چوار لادێی  تریش ژنی سیغەی هەیە. ئەبوورە مامۆستا... ئەو بە قەد بەرازێك دەبێت... قەڵەوەو خریلانەیە، ریشێکی کورت و ماش و برنجی و پیسی هەیە. تاقمێك ددانی دەستکرد، کە بەشێکیان زێڕن لە دەمیایەتی و تەسبیحێکی درێژیشی بەدەستەوەیە. دوور لە رووتان بەرازێکی پیرو پەککەوتووە.

دایکم بە کوێخای وت: من ئەگەر سەد کچیشم هەبێت، یەك دانەیان نادەمە ئەو پیرە کەمتیارە... ئیدی ئێمە هەرچییەکی دیومانە بەسمانە. کوێخا... تۆ بۆخۆت باش ئەزانی ئەو جۆرە کەسانە نایەن لەگەڵ ئێمەی لادێیدا بەڕاستی خزمایەتی بکەن.

مامۆستا... کوێخا وتی: بەڵێ تۆ راست دەکەی ،حاجی قولی سیغەی دەوێ، بەڵام ئەگەر رازی نەبن منداڵەکان لەسەر ئیش دەردەکات و دوایش دەردەسەری ئاسایش و ئەوانەش ئەبێ بزانی.

خوشکەکەم لە پشت دایکمەوە خۆی کوشمەڵە کردبوو... بەدەم هەنسک و گریانەوە دەیوت: من چیتر ناچمەوە کارگە، دەمکوژێ، لێی دەترسم.

بەیانی خوشکم نەچووەوە سەرکار، من بەتەنیا چووم... حاجی قولی لەبەردەرگا راوەستابوو و تەسبیحی رادەوەشاند، ترسام و لێی نزیك نەبوومەوە، حاجی کە روومەتی بە پەڕۆیەك بەستبوو وتی: کوڕە وەرە بڕۆ ژووری، کارم پێت نییە. بە ترس و لەرز نزیك بووم و کە ویستم لە دەرگا تێپەرم... مەچەکی گرتم و بردمیە نێو حەوشەی کارگەکە، بە مست و پێلەقە کەوتە گیانم... سەرەنجام خۆم لەدەستی دەربازکردو چووم کەڵکیتەکەی ئەو رۆژەم هەڵگرت، ئەوەندەی لێدابووم شل و کەنەفت ببووم... هاوارمکرد: قوڕمساغی بێشەرەف، ئێستا دەڵێم لەگەڵ کێ تێکەوتویت.. من کوڕی عەسکەر قاچاخچیم پێدەڵێن. تاری وردی هەناسەیەکی هەڵکێشاو دووبارە وتی: مامۆستا دەمویست هەر لەوێ بیکوژم. کارەکەرەکان لێم کۆبوونەوەو و بردیانمە ماڵەوە.

من لە داخا دەگریام، خۆم بە زەویدا دەکوتاو جنێوم دەداو خوێن بەسەروچاومدا دەچۆڕایەوە، سەرەنجام ئارامبوومەوە.

بزنێکمان هەبوو، من و خوشکم بە بیست تومەن کڕیبومان، فرۆشتمان و لەگەڵ هەندێك پارە کە پاشەکەوتمان کردبوو یەك دوو مانگمان پێ بەسەربرد. دوایی خوشکم چووە لای ژنێکی نانکەر منیش هەر کارێکم بۆ هەڵبکەوتایە دەمکرد.

وتم: تاری وردی ئەی بۆ خوشکەکەت شووناکات؟

وتی: کوڕەکەی  ئەو ژنە نانکەرە دەستگیرانییەتی. من و خوشکم ئەمانەوێ پێتەك** ئامادەبکەین بۆ ئەوەی زەماوەندبکەن.

ئەمساڵ هاوینەکەی بۆ سەیران چووبوومە هەمان ئاوایی و تاری وردیم لە دەشت و دەری ئاوایی بینی بە چل پەنجا سەر بزن و مەڕەوە.

وتم: تاری وردی لە کۆتاییدا بارگەی خوشکەکەت دەسکەوت؟

وتی: بەڵێ، شوشی کردووە، ئێستا ئەوە پارە بۆ ژنهێنانی خۆم کۆدەکەمەوە، چونکە لەوکاتەوەی خوشکەکەم چۆتەسەر ماڵ و حاڵی، دایکم تەنیا باڵ ماوەتەوەو کەسێکی پێویستە کە بن باڵی بگرێت و لەگەڵیدا هەڵبکات، بێ ئەدەبیم کرد، ئەبوورە مامۆستا.

**پەراوێز:**

*کەڵکیت: ئامرازێکی کانزایی و قورس بۆ کوتانەوەی پۆ.

** پێتەك: کەلوپەل و شتومەکێك کە لەگەڵ بوکدا بۆ ماڵە زاوای دەنێرن.

سەمەد بیهرەنگی







# مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی

ئامادەکردنی فایل
بەختیار ئەحمەد ساڵح